چوارچێوەی هەماهەنگی هەنگاوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرزدەنرخێنێت لە بەڵێندانی بەغدا بۆ کشانەوەی هێزەکانی



چوارچێوەی هەماهەنگی ئەمڕۆ دوشەممە هەنگاوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرزنرخاند لە پابەندبوون بۆ ڕکەوتنانەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامیداوە.

لە ڕاگەیەندراوێکی چوارچێوەی هەماهەنگیدا هاتووە، ئاوارەی ئەمڕۆ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کێبونەوەی ئاسایی ژمارە (242)یی خۆیان لە نوسینگەی موحسین مەندەلاوی جێگری سەرکی پەرلەمان بە ئامادەبونی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەنجامدا، بەمەبەستی تاوتوێکردنی گرنگترین دیسیپلینە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان"، ئاماژەی بەوەدا، "چوارچێوەی هەماهەنگی سەرکەنەکردنی هێرشکی ئاشکرا بۆ سەر یەمەن دەکات، کە بوە هۆی گیانلەدەستدانی سەرۆك وەزیران و کەمەك بەرپرسی حکومەت".

ئەوەشیخستەڕو، "چوارچێوەی هەماهەنگی گوێی لە هەڕەشەنگاندنێك گرت بۆ دیسیپلکانی ئاو و کارەبا لە عێراق کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە خرایەڕو، هاوکات باسی لەو چارەسەرانەش کرد کە حکومەتەکەی کاریان لەسەر دەکات، چوارچێوەی هەماهەنگیش پشتیاری گرنگی لەوبارەیەوە خستەڕو".

ەعێراق خواستی دامەزراندنی پەیوەندییە دوقۆڵییە یەکسانەکان دەکات

ە

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، چوارچێوەی هەماهەنگی، پشوازی لە "هەنگاوەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کردوە بە پابەندبون بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەنجامدراوە"، جەختیشیکردوەتەوە کە "عێراق خواستی دامەزراندنی پەیوەندییە دوقۆڵییە یەکسانەکان دەکات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان عێراق و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستە جیاوازەکان هەڵەشەکانی ئاسایش و ئابوری و ژینگەیی".